هەرێمی كوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی تۆماری گشتی
هۆبەی تۆماری ئەلكترۆنی و ئاماری خوێندكاران

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة السليمانية التقنية
مديرية التسجيل العام
شعبة التسجيل الالكتروني و إحصاء الطلبة

Presidency of Sulaimani Polytechnic University / Directorate of General Registration / E-Registration and Student Statistics Division

ISO 9001:2015

ژمارە: ٨٣٠٤
ڕێکەوت: ٥ /١٠/ ٢٠٢٦ی زایینی
/ / ٢٧٢٦ی کوردی

No:
Date:
Code: SPUGR261207

# فەرمانی زانكۆیی

(وەرگرتن بە سیستەمەكانی (زانكۆلاین – پاراڵێل – ئێواران) لە دەرچووانی زانستی، وێژەیی، پیشەیی)

پشت بەست بە نوسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون/ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن ژمارە (١٦٧٤٠) لە بەرواری (٢٠٢٦/١٠/٤) تایبەت بە وەرگرتنی خوێندكارانی دەرچووی پۆلی ١٢ی ئامادەیی (زانستی – وێژەیی – پیشەیی) ئەوانەی كە پێشكەشی سیستەمی ئەلكترۆنی زانكۆلاینیان كردووە بۆ سیستەمەكانی خوێندنی (زانكۆلاین – پاراڵێل – ئێواران) بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیار درا بە:

وەرگـرتنی ئەو خوێنـدكارانەی كە ناویـان لە لیسـتی هاوپێچـدا هـاتووە لە زانكۆمـان لەو بەشـانەی بەرامـبەر ناوەكانیـانە بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (٢٠٢٦ – ٢٠٢٧) بە سیستەمەكانی خوێندنی (زانكۆلاین – پاراڵێل – ئێواران).

**پ.ی.د. بەختیار عبید شریف**
یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ بۆ كاروباری خوێندكاران/ بە وەكالەت
٥ /٢٠٢٦/١٠

<u>لیستی ناوی وەرگیراوان:</u>

- لیسـتی وەرگـیراوانی (زانسـتی و وێـژەیی) بە نـاوی (١- چـاودێر شـهاب فتـاح عزیـز) لە (زانكۆمـان/ كـۆلێجی تەكنـیكی ئەنـدازیاری/ بەشی ئەنـدازیاری میكانیـك و دروسـتكردن) دەستپێدەكات، بە ناوی (٤٥٤٠- هاوشان ابوبكر محمود) لە (زانكۆمان/ پەیمانگەی تەكنیكی دووكان/ بەشی تەكنەلۆجیای زانیاری – ئێواران) كۆتایی دێت.
- لیسـتی وەرگـیراوانی (پیشـەیی) بە نـاوی (١- هەژیـر آمیـد احمـد محمـد) لە (زانكۆمـان/ كـۆلێجی تەكنـیكی ئەنـدازیاری/ بەشی ئەنـدازیاری میكانیـك و دروسـتكردن) دەسـت پێـدەكات، بە ناوی (٣٧٩- مەتین كاروان هاشم محمد) لە (زانكۆمان/ پەیمانگەی تەكنیكی دووكان/ بەشی تەكنەلۆجیای زانیاری – ئێواران) كۆتایی دێت.

<u>تێبینی:</u> <u>وردبینی و دڵنیابوون لەم خاڵانەی لای خوارەوە لە ئەستۆی كۆلێج و پەیمانگەكانە:-</u>

١. تۆماركردنی ناوی خوێندكارانی وەرگیراو، وە بۆ تۆماركردنی خوێندكارانی وەرگیراو پشت ببەسترێت بە كارتی بەشداری ئەزموونەكانی گشتی یان هەر ناسنامەیەكی فەرمی دیكە.
٢. دڵنیابوون لە تەمەن و باری دەرچوونی خوێندكار لە ئەستۆی تۆماری كۆلێج و پەیمانگەكانە {تەمەنی خوێندكاری وەرگیراو لە (٣٠ سی ساڵ) زیاتر نەبێت بۆ خوێندنی بەیانیان، وە بۆ خوێندنی پاراڵێل تەمەنی خوێندكاری وەرگیراو لە (٤٠ ساڵ) زیاتر نەبێت}، بۆ خوێندنی ئێواران ڕەچاوی تەمەن ناكرێت.
٣. دڵنیابوون لە بەراپی و بڕوانامەی خوێندكارانی وەرگیراو.
٤. خوێندكاری وەرگیراو هەموو بەڵگەنامە پێویستەكان وە بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی پێشكەش بكات بۆ بەرامبەركردنی كۆنمرەی خوێندكار لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردنەكەی، وە لە كاتی هەبوونی هەر هەڵەیەک یان جیاوازییەک بە زووترین كات ئاگادارمان بكەنەوە.
٥. وەرگرتنی كرێی خوێندن بۆ هەردوو سیستەمی خوێندنی (پاراڵێل و ئێواران).
٦. ڕەچاوی باری تەندروستی خوێندكاری وەرگیراو بكرێت بۆ ئەو جۆرە خوێندنەی لێی وەرگیراوە بە پێچەوانەوە فۆرمی پشكنینی پزیشكی دەنێردرێت بۆ ناوەندی وەرگرتن بۆ گۆڕینی وەرگرتنەكەی و بە هیچ جۆرێک ناوی خوێندكار تۆمار ناكرێت تا فۆرمی پشكنینی پزیشكی پێشكەش بە لیژنەی تایبەت نەكات.

<u>وێنەیەک بۆ:</u>

- نوسینگەی بەڕێز سەرۆكی زانكۆ/ بۆ زانین .....لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ بۆ كاروباری خوێندكاران/ لەگەڵ هاوپێچ / بۆ زانین .....لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بە دواداچوون/ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن/ بۆ زانین .....لەگەڵ ڕێزدا.
- كۆلێجی تەكنیكی (كارگێڕی – تەندروستی و پزیشكی – ئەندازیاری – ئینفۆرماتیک – هەڵەبجە)/ لەگەڵ هاوپێچ/ بۆ كاری پێویست ...لەگەڵ ڕێزدا.
- پەیمانگەی تەكنیكی (تەكنەلۆجی سلێمانی – تەندروستی سلێمانی – كارگێڕی سلێمانی – زانستی كۆمپیوتەر – بەكرەجۆ – هەڵەبجە – دووكان – چەمچەماڵ – دەربەندیخان)/ لەگەڵ هاوپێچ/ بۆ كاری پێویست ...لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی/ لەگەڵ هاوپێچ / بۆ كاری پێویست تایبەت بە وەرگیراوانی (پاراڵێل و ئێواران) .....لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی بەشە ناوخۆییەكان/ لەگەڵ هاوپێچ/ بۆ كاری پێویست .....لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی تۆماری گشتی/ هۆبەی تۆماری ئەلكترۆنی و ئاماری خوێندكاران/ لەگەڵ بەراییەكان.
- دۆسیەی دەرچوو.

كارمەند (٢٠٢٦/١٠/٥)

هەرێمی كوردستان – سلێمانی – قرگە – شەقامی ورمێ – گەرەكی ماردین ٣٢٧ – كۆڵانی ٧٦
Kurdistan Region, Sulaimani, Qirga, Wrme St., Mardin 327, Alley 76
تەلەفۆن: ٨ – ١٣٤٧ ٣٣٥ (٠٥٣)
Phone: (053) 335 1347 – 8
سندوق پۆستە ژمارە (٧٠) لە بۆردی ژمارە (٢٣٦)
PO Box (70) board (236)
www.spu.edu.iq
Email: registration@spu.edu.iq

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن وپلاندانان وبەدواداچون
بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
الدائرة الدراسات والتخطيط والمتابعة
مديرية القبول المركزي

ژمارە: ١٦٧٤٠
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٦ی زایینی
/ / ٢٧٢٦ی کوردی

العدد:
التاريخ:

سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
ژمارە / ١٢٨٩٤
ڕێکەوت ٥ / ١٠ / ٢٠٢٦
وەرگرتە

**بۆ / گشت زانکۆ حکومییەکانی هەرێم**

**ب / وەرگرتن**

**سڵاو و ڕێز**

پاڵپشت بە مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی قوتابیان/ خوێندکاران لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٦-٢٠٢٧) ژمارە (١٥٩٠٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/٩/١٧) بڕیار درا بە وەرگرتنی ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی ناویان لە هاوپێچدا هاتووە لە زانکۆکانی هەرێم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٦-٢٠٢٧) بۆ سەرجەم وەرگیراوانی(زانکۆلاین، پاراڵیل، ئێواران، پیشەییەکان، نێودەوڵەتیەکان) بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست لە تۆمارکردنیان پشت ببەسترێت بە کارتی بەشداری ئەزموونەکانی گشتی یان هەر ناسنامەیەکی ڕەسمی لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

١- تۆماری کۆلێژ و پەیمانگەکان بەرپرسن لە تۆمارکردنی ناوی قوتابییە وەرگیراوەکان.

٢- دڵنیابوون لە تەمەن و باری دەرچوونی پێشکەشکار لە ئەستۆی زانکۆکەتانە (تەمەنی پێشکەشکار لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت بۆ خوێندنی (ئاسایی) ئەمە (کۆلێژ و بەشەکانی پەروەردەی وەرزش) یش دەگرێتەوە ، وە بۆ خوێندنی (پاراڵیل) تەمەنی پێشکەشکار نابێت لە (٣٥) ساڵ زیاتر بێت بۆ کۆمەڵەی پزیشکی (پزیشکی ، پزیشکی ددان ، دەرمانسازی) وە (٤٠) ساڵ بۆ کۆلێژ و پەیمانگەکانی تر وە (٣٠) ساڵ بۆ کۆلێژی وەرزش) وە بۆ خوێندنی ئێواران تەمەنی پێشکەشکار بۆ بەشی وەرزش نابێت لە (٣٥) ساڵ زیاتر بێت.

٣- قوتابی/ خوێندکاری وەرگیراو هەموو بەڵگەنامە پێویستییەکان لەگەڵ بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی پێشکەش بە لیژنەی تایبەت دەکات بۆ بەراوردکردنی کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی ، وە ئاگادارکردنەوەمان لە هەر هەڵەیەک بۆ چارەسەرکردنی بەزووترین کات.

٤- ئەگەر باری قوتابی/ خوێندکار شیاو نەبوو بۆ ئەو بەشەی کە لێی وەرگیراوە پاڵپشت بە ڕاپۆرتی پزیشکی، ئەوا دەگەڕێندرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن بۆ دووبارە دابەش کردنەوەی لە شوێنێکی گونجاوتر لەگەڵ باری تەندروستی قوتابی/ خوێندکار بە پێی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو ، بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.

**هاوپێچ /** لیستی ناوی قوتابیان/ خوێندکارانی وەرگیراو.

**م.ی. سوزان عزالدین شریف**
بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتن
بە (وەکالەت)

**ونەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانینی بەڕێزتان لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بە دواداچوون/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، سۆران، زاخۆ، گەرمیان، ڕاپەڕین، هەڵەبجە/ بەڕێوەبەرایەتی بڕوانامەکان، تکایە بۆ زانین و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن/ لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە.

هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی -ناونیشان
عنوان- أربيل، طريق كركوك، شارع هادي جاوشلي
Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd
Email:sca.directorate@mhe-krg.org